# ئاهەنگێکی دەستدرێژی سێکسی بەکۆمەڵ بەر لە کوشتنی بەناز

زانا قاسم دزەیی – هەولێر

**رۆژنامەکانی** بەریتانیا لە ژمارەی رۆژی شەممە(21–07–2007) چەند راستی و وردەکارییەکی تازەیان لەمەڕ تاوانی کوشتنی (بەناز مەحمود)ی تەمەن (20)ساڵان بڵاوکردەوە، کە دوابەدوای رەتکردنەوەی شووکردنی بەگەنجێکی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن خانەوادەکەیەوە کوژرا.. زانیارییەکان دەڵێن کە (بەناز) بەر لە کوشتنی دوو کاتژمێر دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر، ئەمەش بەپێی ئەو دانپێدانانەی کە یەکێک لە ئامادەبووانی ئەو ئاهانگە و بەشداربوو لە تاوانی کوشتنەکەئاشکرای کردووە، ئەو کەسەش ناوی (محەممەد حەمە)یە و تەمەنی (30)ساڵە و لەلایەن (مەحمود مەحمود) تەمەن (52)ساڵ باوکی بەناز و (ئاری مەحمود) تەمەن (51)ساڵ مامی بەناز بەکرێ گیرابوو بۆ کوشتنی بەناز.

جێی وەبیر هێنانەوەیە کە مانگی رابردوو دادگای بەریتانیا تاوانی کوشتنی بەنازی خستەپاڵ باوک و مامی، دوای ئەوەی کە بەناز لە مانگی (کانوونی 2007) لەبەر چاوان وونبوو و دوای سێ مانگ تەرمەکەی لە باخچەیەکی نزیک ماڵەکەی دۆزرایەوە.

هەر لەوبارەوە سەرچاوەکانی پۆلیس وردەکارییەکانی چۆنییەتی ئەنجامدانی تاوانەکەیان ئاشکراکرد، کاتێک (مەحمود حەمە) باسی تاوانەکە بۆ یەکێک لە بەندکراوەکان دەکات و گێڕنەوەکانی تۆمارکراوە بێ ئەوەی خۆی و بەندکراوەکەی دیکە پێی بزانن، کە لە بەشێکی قسەکانیدا دەڵێت:"لێم دا و دەستریژێم کردە سەری"،هەروەها حەمە و بەندکراوەکە قاقای پێکەنینیان دەبیسترا کاتێک حەمە باسەکەی دەگێڕایەوە کە چۆن لەناو ماڵی خانەوادەکەی لە باشووری لەندەن بەنازیان کوشتووە لەکاتێکدا کە (ئاری) مامی لەنزیکەوە چاودێری دەکردن.

هەروەها دوو بکوژی دیکەش کە بەشداربوون لە تاوانەکە بەفرۆکە لە لەندەنەوە بۆ عێراق رایانکردووە، هەر لە تۆمارکردنەکەدا حەمە دەڵێت:"ئاری پێی گوتین کەس لەماڵەوە نابێت، کەچی خوشکێکی بەناز لەوێ بوو، ئەو زۆڵە گاڵتەی پێکردین" هەروەها دەڵێن :"قەسەم بەخوا کوشتنی ئەو کچە زیاتر لە دوو کاتژمێری خایاند،زۆر هەوڵماندا کەچی گیانی رازی نەبوو لە لەشی جیا بێتەوە".

تاوانبارەکان هەوڵی خنکاندنیان دا و دوواتر ملی بەنازیان شکان تا پێنج خولەک، بەڵام بەناز تا نیو کاتژمێر گیانی لەدەست نەداوە (بەپێی گوتەکانی حەمە).

حەمە گوتی :"ئەو سیمە بۆ خنکاندنی بەناز بەکارمان هێنا زۆر ئەستوور بوو بەڵام زۆر بە زەحمەت گیانی لەدەستدا، من لەقەم لە ملی دەدا تا ڕۆحی دەربێنم، من سنگ و ئەندامە مێیینەکانم بینی ئەو هیچی لە ژێرەوە لەبەر نەکردبوو".

دوای تەواو بوونی ئاهەنگی (شەرەف) جەستەی بەناز خرایە زەرفێکەوە و لە باخچەیەکی بێرمنگهام نێژرا و دوای سێمانگ دۆزرایەوە.

باوک و مامی بەناز لەکاتی دادگاییکردنیاندا گوتیان کە هۆی سەرەکی کوشتنی کچەکەیان تۆڵەسەندنەوەی شەرەف بووە، دوای ئەوەی کچەکەیان کە بەزۆر لەتەمەنی 17 ساڵی بەشوو درابوو تەڵاق درا و پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ (ڕەحمەت سلێمانی) کە گەنجێکی تەمەن (28) ساڵە و کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بەست.

ئەمەو بەناز لەگەڵ ڕەحمەت بە نهێنی یەکتریان دەبینی، بەڵام خانەوادەی بەناز ڕازی نەبوون بە هاوسەرگیریان لەبەر ئەوەی وەک لە گوتەی باوکی بەناز هاتووە کوڕەکە "بەشێوەیەکی دروست موسڵمان نەبووە". بە نازیش چەندین جار هەوڵی داوە پۆلیس لە مەترسی خانەوادەکەی بۆ سەر ژیانی ئاگادار بکاتەوە، بەڵام پۆلیس هیچ کارڕاییەکی نەگرتۆتە بەر.

اە دانیشتنی دادگایی کردنەکەدا، (حەمە) ئامادەبوو، و چەند تۆمارکراوێکیان لێدایەوە کە لەبەشێکیدا (حەمە) بە مەسخەرەوە دەڵێت:"چۆن لەکاتی گواستنەوەی تەرمی بەناز قژی لە زەرفەکەوە دەهاتە دەرەوە". هەروەها چۆن لەناو زەرفێکی نایلۆنی ڕەشیان داناوە، چۆن لەکاتی ڕاکێشانی تەرمی بەناز ، ئۆتومبیلی پۆلیس بەلایاندا تێپەڕیوە و دەڵێ:"شەقامەکە قەرەباڵغ بوو،ئۆتومبیلی پۆلیس بەنزیکی ئێمەدا تێپەڕی، هەروەها خەڵکانێک بەوێدا دەهاتن و دەچوون و ئێمەش ئەو زەرفە نایلۆنەمان ڕادەکێشا...

خەریک بوو ڕابکەم، بەڵام کاک ئاری زەرفەکەی ڕادەکێشا و ئێمەش دەورەمان دابوو بۆئەوەی کەس گومانمان لێ نەکات".

تێبینی: لەسایتی چراوە بڵاوکراوەتەوە.